# دوو ئەڵمانیی و کەرەجاڵ !

قادر ڕەشید

ئێرهارد کلیمان و بێرناردۆ کردسن دوو گەنجی ئەڵمانیی بوون ، لـە شوباتی ١٩٨٣ دا لـەلایـەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی حیزبی شیوعییەوە لـەسەر ڕێگای دوزخورماتوو ـ قادرکەرەم بە دیل گیرابوون ، ئێرهارد کرێکار بوو ، ئەوی تریان ئەندازیار.

ئەو سەردەمە ڕفاندنی ئەم جۆرە بیانیانە لـەلایەن پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانەوە باو بوو ، زیاتر بۆ مەبەستی ڕاگەیاندن و دەنگ و هەواڵی چالاکیی و شەڕی ڕەوای پارتیزانیی حیزبەکان بوو لـە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ، هەروەها بۆ ئەوەی لـە ڕێگەی گرتنی ئەمانەوە و وەك فشارێك لـەسەر ڕژێمی بەعسی داگیرکەر ، داخوازییە ڕەواکانیان بەدەست بهێنن.

ئەگەرچی ئەم ڕێبازە تا ئەمڕۆش لـەلایـەن هێزە بەرهەڵستکارەکانی جیهانەوە هەر باوە و پەیڕەو ئەکرێت ، بەڵام ئەمڕۆ ئەم شێوازە بە کارێکی تێرۆریستیی لـە قەڵـەم ئەدرێ ، لـەبەرئەوەی ئەو جۆرە کەسە بێتاوانانە بەشێك نین لـە بەرەی دوژمن.

ئەم دوو ئەڵمانییە دیل بوون لـە بارەگای پارتیزانیی (مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك)ی حشع لـە کەرەجاڵ لـە پشتی خورماڵ و سەرچاوەی زەڵمەوە ، ئەم جێگایە کەوتووەتە ناو کۆمەڵـە شاخێکی سەخت و بڵندەوە.

هەر لـەپاش ڕفاندنی ئەم دووانە خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەر لـە گەرمیان ، بە مەلا و کوێخا و ڕیشسپییەکانیانەوە بە هاندانی ڕژێمی بەعس ، ڕوویان کردە بارەگای پێشمەرگەی حیزبی شیوعی لـە حاجی مامەند و داوای بەردانیان کردن ، بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا و بەریان نەدان.

پاش چەند ڕۆژێك دیسان ڕژێمی بەعس کەوتەوە جوڵە بۆ بەردانیان ، مامە خولـەی دێوانە ، برای حەمە فەرەجی دێوانەیی لـە ڕێگای کەسوکاری هاوڕێیەکی بەرپرسی مەڵبەندەوە ، گەیشتە کەرەجاڵ بۆ بەردانیان و بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی هەبێ یان پێی وترابێت ، ئەمەشیان پشتگوێ خرا و بەریان نەدان.

لـێپرسراوانی مەڵبەند و سەرکردایەتی حیزب ، ئەم دوو دیلـەیان هێشتەوە و بەو نیازەی بیکەنە هۆیەك بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانیان. داوایان لـە ڕژێمی بەعس کرد بیانگۆڕنەوە بە خوشکە عائیدە یاسین (أم علي – خێزانی کاك بەهادین نوری) کە لـە تەموزی ١٩٨٠ دا لـە لایەن بەعسەوە گیرابوو ، بێسەروشوێن کرابوو و هیچ سۆراغێکی نەمابوو ، هەروەها بیانگۆڕنەوە بە (دکتور پباح الـدره و پفاء الـحافگ) ئەمانیش لـە شوباتی ١٩٨٠ وە لـەلایـەن بەعسەوە بێسەروشوێن کرابوون.

بەعسی دوابراو وەڵامی ئەم داوایەی نەدایەوە ، دوای چەندان جار لـە هاتن و چوونی کەسانێك کە ڕژێم ئەیناردن و ملنەدانی بەعس بە داواکارییەکان و تەنانەت گۆڕینی داواکارییەکان لـە ئازادکردنی چەند کادێرێکەوە بۆ بڕێك پارەی کەم وەك پەنجا هەزار دینار ، ئیتر ڕژێمی بەغدا گرتنی ئەم دوانەی بە تەواویی پشتگوێ خست.

گرتنی ئەمانە نەبووە فشارێك لـەسەر بەعس و هیچ مەرجێك نەسەپێنرا بە سەریاندا ، هەندێ جار ڕژێم لـەگەڵ حیزبەکانی تردا بۆ ئەم جۆرە ڕووداوانە بە جیددی ئەکەوتە وتووێژەوە و ڕێکئەکەوتن ، بەڵام بۆ هەندێ حیزبیش بە تەواویی خۆی بێدەنگ ئەکرد.

ئەم دوو دیلـە هەموو ساتێکی ژیانیان لـە کەرەجاڵ ناڕەحەتیی و کارەسات و تیاچوون بوو ، فێری خواردنی ساوەر و ماش و نیسك و فاسۆلیا و نان و چای بەیانیان نەبووبوون ، ڕاهاتووی گەرمای ناو ئەو تاوێرە بەردانە و ڕەشەبا و تەپوتۆزی کەرەجاڵ نەبوون ، بە شەویش مێشولـە و تەپۆ و کێچ و ئەسپێ ، هەموو گیان و دەموچاوی سپی و ناسکیانی بریندار ئەکرد و سور هەڵئەگەڕان و جل و بەرگ و گیانیان بۆنی چڵك و عارەقی لـێئەهات.

بە ڕۆژ و بە شەو قرمە و شریخەی تۆپی دورهاوێژ و گولـلـەی هاوەن بووبووە مۆسیقای زاخاوی مێشکیان ، دەرونیانی تەواو هەژاندبوو ، ئێرهارد و بێرناردۆ ئەو ژیانەی ئێمەیان بەلاوە وەك ژیانی نیاندەرتاڵـەکان ئەهاتە بەرچاو..! کە لـەم ئەشکەوتانەدا ژیاون و ئێمەش ئەمڕۆ و پاش هەزاران ساڵ هەر وەك ئەوان ئەژیین ، زۆر لایان سەیر بوو کە ئەیانبینی ئێمە وەك قومقمۆکە خۆمان بە قەدپاڵـی ئەم کەژ

و ئەشکەوتانەوە مەڵاس داوە.
ئەگێڕنەوە ، کاتی خۆی مامۆستا قانعی نەمر بەم کەرەجاڵەدا تێپەڕیوە ، کە بینیویەتی جێگایەکی وا سەخت و هەڵدێر و وشك و بێئاو و دار و دەوەنە و کەس نەیتوانیوە تیایدا بژی ، شیعرێکی هەجوی باشی لەسەر ئەم کەرەجاڵە وتووە.
بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە ، لە دوریی یەك کیلۆمەتر لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکەی سنوری ئێرانەوە بە سۆندە ئاومان ڕاکێشابوو ، لەگەڵ هەموو تۆپبارانێکماندا سۆندەکە بە پڕیشکی تۆپ ئەپچڕا و بێئاو ئەبووین ، ئیتر زۆری ئەخایاند تا چاك ئەکرایەوە.
من کەمێك زمانی ئەڵمانیم ئەزانی و زۆریش نەبوو گەیشتبوومە کەرەجاڵ ، جارجار لەگەڵیان ئەدوام و دڵنەواییم ئەکردن ، ئەو لەیەکحاڵیبوونەیان کردە دەرفەتێك و کەوتنە سکاڵا و گازەندە و وتیان: بەتەمای ئەوە مەبن حکومەتی سەدام حوسەین لە ڕێگەی بەردانی ئێمەوە مەرجەکانی ئێوە جێبەجێ بکات ، ئێمە سەرمایەدار و ناوداری ئەڵمانیا نیین ، ئێمە کرێکارین ، لەبەرئەوە حکومەتی ئەڵمانیا ئەوەندە بە پەرۆش نیە بۆ چارەنوسمان ، ڕەنگە ئەو کۆمپانیایەی ئێمە کاری بۆ ئەکەین لە ترسی سەدام حوسەین ، هەواڵی گرتنی ئێمەیان بە حکومەتی ئەڵمانیا نەگەیاندبێت! تکایە بەرمان بدەن ، بەزەییتان پیاماندا بێتەوە، ئەم ژیانەی ئێوەش و ئێمەش مردنێکی لەسەرخۆیە ، بە ئێش و ئازار و خەم و خەفەت و مەترسییەکی زۆرەوە ، با لەمە زیاتر سەرگەردان نەبین و لەناونەچین! تکاتان لێئەکەین بەرمان بدەن ...
ڕۆژێك پێشمەرگەکان خەریکی نانخواردنی ئێوارە بوون ، لە ناکاوێکدا پێشمەرگەیەکمان ، دلێری سەید تۆفیق بە پەشۆکاویی و بەدەم قوڵپی گریانەوە خۆی کرد بە ناوماندا و بە هاوار و باوکەڕۆوە وتی: باوکم لە ناکاوێکدا لە ئەشکەوتی هەزار ئەستون بە ئازاری دڵیەوە کۆچی دوایی کرد .. هەموو پێشمەرگەکان لە دەوری کۆبوونەوە و بەو هەواڵە ناسۆرە دڵتەزێنە پەشۆکان و دەستیان لە خواردنەکەیان کێشایەوە ، دوو ئەڵمانییەکەش ئەم پەشۆکاویی و گریانەیان لا سەیر بوو ، یەکەم جاریان بوو لای ئێمە ئەو جۆرە پەشۆکاوییە ببینن ، پرسییان چی ڕوویداوە؟.. وتمان ئەم پێشمەرگەیە بۆ باوکی ئەگری ، پێشمەرگەیەکی دێرین و ڕێزدار بوو ، وا ئێستا لە ناکاوێکدا کۆچی دوایی کردووە.
هەردووکیان کەمێك بێدەنگ بوون .. ئیتر خۆیان بۆ نەگیرا و وتیان: بۆچی ئەگری بۆ باوکی؟.. پێمان وایە باوکی ڕزگاری بووە لەم جۆرە ژیانە! باشترە کە بۆ ئەم بەسەرهاتە سەرگەردانییەی ئێستای خۆی بگری ...
هەردووکیان ئەوەندە بایەخ و گرنگییان بەو ڕووداوە دڵتەزێنەی ئێمە نەدا و چوونە ئەولاوە و لە دورەوە هەر بە سەرسامییەوە سەرنجی ئێمەیان ئەدا.
ڕۆژگار هات و ڕۆی .. بێرناردۆ کەمێك کراوەتر بوو لە ئێرهارد و حەزی بە نزیکبوونەوە ئەکرد لێمان ، یان ڕاستتر ئەمیان بە ناچاریی خۆی ئەگونجان لەگەڵ ئەو بارە سەخت و ناهەموارەی ژیانی نوێیدا لە کەرەجاڵ و لەناو پێشمەرگەدا..
جارێك پێی وتم: ئێرهارد لەم ڕۆژانەدا ساڵڕۆژی لەدایکبوونیەتی و تەمەنی ئەبێ بە ٣٧ ساڵ ، ئەمانەوێت ئێوارەیەك هەردووکمان بەیەکەوە لە نزیك تافگەکەی سەرچاوەی زەڵم دابنیشین و بەو یادەوە پێکێك بنۆشین ، با وابزانین لەناو ماڵ و منداڵەکانماندایین ، تکایە ئەم داوایەمان بگەیەنە بە (شێف)ەکەتان واتە لێپرسراوەکەتان .. منیش ئەم داخوازییەیانم بە پەلە بە لێپرسراوانی مەڵبەند ڕاگەیاند.
هەر زوو داواکەیان پەسەند کرا و ناردیان ویسکییان بۆ هێنان و ئەو ڕۆژە لەگەڵ مەزە و خواردنێکی (شارستانیی) ، لە ڕۆخی تافگەکەی زەڵم ، ئەو تافگەیەی کە تیشکی خۆر لێی ئەدا و پڕیشکەکانی پەلکەزێڕینەیەکی جوانی بێوێنە دروستئەکەن و کەوانەیەکی هەمەڕەنگیش بەسەر گەرووی دەربەندەکەدا.
لەو جێگایەی کە خۆیان پێیان خۆش بوو ، لێی دانیشتن و دوو چەکدارە پاسەوانەکەشیان کەمێك لێیان دور کەوتنەوە.
هەرچەندە ئەم جێگایە زۆر مەترسیدار بوو ، جارجار لە ڕەبیەکانی داڵانییەوە ئەدرایە بەر هاوەن و دۆشکە ، بەڵام ئەمان بێگوێدانە تەق و تۆق ، دەستیان کرد بە خواردنەوەی خۆیان و گاڵتە و پێکەنین ، تا توانییان سەری خۆیان گەرم کرد و مەست بوون ، تا ئێوارە

داهات و خۆر ئاوا بوو ، ئیتر بەدەم خەیاڵـەوە و بەدەم بیرکردنەوەیان لـە ڕابوردوویان و لـە چارەنوسی ئێستایان و لـە داهاتوویان و لـە هەواڵـی خێزانەکانیان لـە شاری شتوتگارت و فرانکفۆرت ، بەیەکەوە وردە وردە بە پێچاوپێچی تولـە ڕێگاکەدا بە ناو تاشە بەردەکاندا، بەدەم نەرمە گۆرانییەوە بەرەو هەوارگە ناچارییەکەیان ، بەرەو ئەشکەوتەکەی کەرەجاڵ کەوتنەوە ڕێ ، بوونەوە بە میوانی ئازیزی مێشولـە و ورە و تەپۆ و ڕەشەبا و تەپوتۆز ، بۆ ناو ئەو پێخەفە چڵکن و بۆگەنانەی کە ئەوەتەی تەقەڵـیان لـێدراوە نەشۆراون ، بوونەوە میوانی کێچ و ئەسپێ.

ئەوەندە نەبوو چاویان چووبووە خەو ، لـە ناکاوێکدا دوو گولـلـە تۆپی دورهاوێژ یەك لـەدوای یەك دای بەو ڕێگایەدا کە لـێوەی گەڕابوونەوە و نزیکی ئاودەستخانەکەی مەڵبەند ، لـە خەو ڕاپەڕاندن و ئەوەی خواردبوویان و خواردبوویانەوە هێنایانەوە ، لـە ترس و پەشۆکاوییدا. لـەوەوبەر ئەم تەقوتۆقەیان بینیبوو ، بەڵام گومان لـەوەدا نیە کە ئەو دەمە (بە خەیاڵ و سەرگەرمییەوە) لـەناو ماڵـی ئارام و کشوماتی خۆیاندا بوون بۆیە ناڵـەی ئەو گولـلـە تۆپانە ئاوا کاری تێکردن و زنجیرەی خەیاڵـیانی ڕەوانەوە.

هەرچەندە ئەم شانۆگەریی تۆپ و هاوەنکەوتنەوەیە لـە بنکەکانماندا، بە بەردەوام بە سەرهاتی شەو و ڕۆژمان بوو ، بە دەست گڕەی گەرما و ڕەشەبا و بێئاویی و گرمە و پڕیشکی گولـلـەی تۆپ و هاوەن و گیزەی مێشولـە و پێوەدانی کێچ و ئەسپێ ، لـەگەڵ هەموو نارەحەتییەکی ڕۆژانی سەختی ئەو ژیانە مەرگەسات و بێئارامییەشدا ، پێشمەرگەکان بە ورەیەکی بەرزەوە لـە خۆڕاگریی و لـە ئەرك و ڕاپەڕاندنی چالاکیی ئازایانەی عەسکەریی دژ بە داگیرکەرە بەعسییەکان ، لـە بزوتنەوەی خۆیاندا بوون.

پاش نۆ مانگ بەسەربردن لـە دنیای پێشمەرگەی کوردستاندا و لـەو بارودۆخەی کەرەجاڵـدا ، خۆشبەختانە سەرلـەبەیانی ڕۆژی ١٧–١١– ١٩٨٣ لـە سەرکردایەتی حیزبەوە بە بێسیم هەواڵـی بەردانیان گەیشت.

مەڵبەندیش هەر زوو بڕیاری بەرەڵاکردنیانی پێڕاگەیاندن ، ئیتر هەر وەك گوڵ گەشانەوە ، لـەوانەیە خۆشترین هەواڵ بووبێت کە لـە ژیانیاندا بیستبێتیان ، ئیتر ئۆقرەیان لـێبڕا .. کەی ڕزگاریان ئەبێ و ئەکەونە ڕێ!

داوای جلی پێشمەرگەیان کرد کە وێنەی پێوە بگرن لـەگەڵـماندا ، پەیمانیان دا و وتیان ئەم بەسەرهات و ژیانەتان ئەگەیەنینە ئەڵـمانیا و ئەوروپا ، زۆریان پێخۆش بوو لـە ئەشکەوتی کەرەجاڵـەوە بۆ ناو خاکی نیشتمانەکەیان ئەڕۆنەوە ، بۆ ناو خاوخێزانیان.

پێشمەرگەکانیش ئازادبوونی ئەمانەیان زۆر پێخۆش بوو ، زۆر هۆگریان بووبوون ، ئێرهاردیان ناو نابوو مستەر بادینان و بێرناردۆش مستەر سۆران ، لـەو چەند مانگەی دیلـێتییاندا زۆر وشەی کوردیی فێربووبوون ، بە تایبەتیی مستەر سۆران کە زیاتر کراوە و ڕووخۆش بوو ، لـەو دواییەدا فێری گاڵـتەوگەپی کوردیی بووبوو ، گاڵـتەی هەمەجۆرەی لـەگەڵ پێشمەرگەکاندا ئەکرد ، وێنەی جوانی دروستئەکرد و نیگارکێشێکی بەتوانا بوو.

لـەگەڵ ئەوەشدا کە بە بڕیاری حیزب ئازادکرابوون ، بەڵام بەرپرسی مەڵبەند مەرجێکی لـەناکاوی بۆ دانان و داوای لـێکردن کە پێش ئەوەی بڕۆنەوە ، ڕۆنیۆیەکی شکاومان هەیە ئەبێ چاکی بکەنەوە بۆمان! ئیتر ئەم دووانە نەیان وت نا ، ڕۆیشتنەکەیان دواخرا و کەوتنە چاککردنەوەی ڕۆنیۆی شکاو ، تا نیوەڕۆی خایاند ، (کاتی خۆی منیش زۆر خەریکی ئەم ڕۆنیۆ کۆنە شکاوە بووم و بۆم چاك نەبووەوە – نوسەر).

ئەو ڕۆژە برادەری خەفەری بنکە و بەرپرسی خواردن ، پێشمەرگەیەکی عەرەب بوو ، لـەسەر سەربانی چێشتخانەکەوە بە دەنگی بەرز بانگی کرد: ڕفاق ، ڕفاق ، غەدە ، غەدە ، غەدە ، واتە هاوڕێیان .. نانخواردنی نیوەڕۆیە.. ، ئیتر هەموومان وەك هەر جارێکی تر لـە دەوری چێشتخانەکە کۆبووینەوە ، سێ سێ لـەسەر زەویە بەردەڵان و خۆڵاوییەکە بە قەدپاڵـی شاخەکەوە ، هەروەك جاران لـەبەردەمی قاپێ ساوەر و قاپێ شلـەی فاسۆلـیای بێگۆشتی بۆرهەڵـگەڕاو ، چوارمشقی بۆی دانیشتین.

ئێرهارد و کامەران ئەحمەد ، ناسراو بە (دەروێش) کە پێشمەرگەیەکی ئازا و خۆشەویست بوو ، لـە نزیکی یەکەوە بوون ، بە پێوە وەستابوون ، هێشتا دانەنیشتبوونە سەر قاپەکەیان ، لـەناکاوێکدا گولـلـەیەکی هاوەن دای بە جێگای نانخواردنەکەماندا ، لـەگەڵ شریخە و زرمە و پاش چەند چرکەیەك لـە نەمانی تەپوتۆز و دوکەڵ ، بینیمان ئێرهارد و هاوڕێ کامەران ئەحمەد ، بە پێوە بە لادا

هاتن و یەکسەر شەهید بوون و بێرناردۆش بە چیچکانەوە بوو لەسەر خواردنەکەی ، بریندار بوو ، ئیتر قاپ و ساوەر و فاسۆلیا و خوێنی کورد و ئەڵمانیی و وردەئاسن ، تێکەڵ بوون و تاوێرە بەردەکانی ئەو ناوەیان نەخشان و دیمەنێکی سوریالـی سەیریان دروستکرد.

بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەند ، خۆی بە زانا و قاڵبووی چەکی هاوەن لـە قەڵـەم ئەدا! هەموو جارێ ئەیوت ئەم جێگایەی لێی ئەژین و نانی لێئەخۆین پێی ئەوترێ (زاویەی مەیتە) واتە گۆشەی مردوو ، گوللـەی هاوەن و تۆپ نایگرێتەوە ، هەر قەدپاڵ و شاخێك وەك دیوار وابێ و باران نەیگرێتەوە ئەوا گوللـەی هاوەنیش نایگرێتەوە ، مەترسن بێخەم بن ..

خۆشباوەڕیی ئەو پێشمەرگانە بەو تیۆرییەی ئەم بەرپرس و لێزانە! ! بووە هۆی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە.

سەربازەکانی ناو ڕەبییەکانی سەر لوتکەکانی دەوروبەرمان ئەیانزانی لـە چ جێگایەك و کاتێکدا پێشمەرگە سێ ژەمە کۆئەبنەوە بۆ نانخواردن! لـە ڕێگای ئەو قاچاخچییە گومانلێکراوانەی کە بە ڕۆژانە ئەچوون بۆ ئێران و لـە سنوری ئێرانەوە ئەهاتنەوە و بە ناوماندا تێئەپەڕین و جارجاریش لامان ئەمانەوە و نانیشیان ئەخوارد لـەگەڵماندا.

بێگومان لـەناو ئەم نەناسراوانەدا پیاوی ڕژێمی عێراق و ئێرانیشیان تیادا هەبوو ، هەموو دەنگوباسێکی ئێمەیان بە ڕۆژانە و زۆر بە ئاسانیی ئەگەیاندە دوژمن ، چونکە هیچ کۆنترۆڵێکمان لـەسەر هاتوچۆی ئەم قاچاخچیانە نەبوو.

زۆر جار برادەرانی شارەزا و لێزان ئەیانوت ئەم جێگایە گونجاو نیە و بۆ بارەگای عەسکەریی و سیاسی ناشێت ، باشترە بگوێزرێتەوە بۆ جێگایەکی پارێزراوتر و لـەبارتر ، بەڵام لـەگەڵ ئەوەشدا کەرەجاڵ تا سنورێکی باش جێگایەکی ستراتیجیی و لـەبار بوو بۆ جموجوڵی پێشمەرگە و ئەنجامدانی چالاکیی عەسکەریی و پەیوەندیی ڕێکخراوەکان لـە ناوچەی شارەزور و ناوچەکانی دەوروبەریدا.

تەرمی ئێرهارد درا بەسەر ئەو وڵاخە بریندارەی کە بۆ چەند جارێ بە بارەوە لـە هاتوچۆی (بنپەڵك)دا هەڵدێرابوو ، کەوتبووە ڕوبارەکەی زەڵمەوە ، بە پریشکی گوللـەی دۆشکە و هاوەن خوێن لـە چوارپەلـی ئەچۆڕا ، ڕێگاکەمان تا بنپەڵك دوو کیلۆمەترێك ئەبوو بە ناو ڕەز و باخێکی چڕوپڕدا ڕێمان ئەکرد و زۆریش مەترسیداربوو ، هەندێ شوێنی لـەژێر کۆنترۆڵی عەسکەرەکانی ناو ڕەبیەکانی یالانپێ و سەر لوتکەکانی پشتی ئەحمەداوادا بوو ، پێشمەرگەیان ببینیایە لـەو شوێنانەی لێیانەوە دەرئەکەوت ، ئەیاندانە بەر دۆشکە و هاوەن.

پێشمەرگەش لـەو جێگایانەی ڕوتەن بوو و مەترسی دەرکەوتنیان هەبوو ، ئەبووایە بە ڕاکردن خۆیان دەرباز بکردایە ، تەنانەت وڵاخەکانیش وا ڕاهاتبوون لـە ئاستی ئەو شوێنانەدا بە پێی پێشمەرگە بە بارەوە ئەیاندایە غار.

تەرمی ئێرهارد کلیمان و بێرناردۆی بریندار و چەند پێشمەرگەیەك لـە گەڵیاندا بە هەمان ڕێگەدا بەرەو بنپەڵك بۆ ئەحمەداوا، لـەوێشەوە هەردووکیان بە ئەوتۆمۆبیل بۆ سلێمانی بەڕێکران ، دوابەدوای ئەوانیش تەرمی شەهید کامەران ئەحمەد (دەروێش) بەڕێکرا و نێررایەوە بۆ کەسوکاری.

لـە خەستەخانەی سلێمانی پیاوانی ئاسایش و مونەزەمە و موخابەراتی ڕژێمی بەعسی مرۆڤکوژ ئەگەنە سەریان و بە زمانێکی ئینگلیزیی شەقوشڕ هەڕەشە لـە بێرناردۆی بریندار ئەکەن و پێی ئەڵێن: ئەگەر نەڵێیت گوللـە تۆپی ئێران وای لێکردوون ، ئەوا بە قۆڵبەستراویی و برینداریی ئەتنێرینەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت! لـە وەڵامدا بێرناردۆ هەڵوێستێکی مەردانەی نواندبوو ، ڕوو بە ڕوو پێی وتبوون: ئەمە پارچەی هاوەنەکەتانە و ئێوە تاوانبارن بە کوشتنی ئێرهارد و بە چارەنوسی ئەو خەڵکەی کە لـە پێناوی مافی ڕەوای خۆیاندا دەستیان داوەتە چەك و لـەو کەژ و کێوەن .. ئێوەش بە سەختترین شێواز مامەڵـەیان لـە گەڵدا ئەکەن و هەموو مافێکی ژیانیان پێشێل کراوە ، ئەو پێشمەرگانەی من لـەگەڵیاندا ژیاوم لـە سایەی سیاسەتی زەبروزەنگی ئێوەوە ، بە ژیانێکی سەخت و دور لـە شارستانێتی و مرۆڤایەتی ئەژین ..ئەم پارچەی هاوەنەی بە دەستمەوەیە ئەیدەمە دەستی سەدام حوسەین ، ئیتر چیم لێئەکەن با بیکەن ، بگەمەوە وڵاتەکەی خۆشم ژیان و بەسەرهاتی ڕۆژانەی ئەو پێشمەرگانە لـە ڕۆژنامەکاندا بڵاو ئەکەمەوە ...

بەداخەوە .. ئیتر نەزانرا بێرناردۆی بریندار و تەرمی ئێرهارد کلیمانی هاوڕێی چییان بەسەر هات کە بران بۆ بەغا! کەسیش بە

دوای هەواڵیاندا نەڕۆیشت ، نە لـە بەغا و نە لـە ئەڵمانیا!

بەرلـە شەهیدبوونی ئەمان و دوای ئەمانیش ، گەلــێ ڕووداوی دڵتەزێن و ناسۆری تر ڕوویدا و پۆلــێ لـە پێشمەرگەی دێرینی حشع و پدك لـەم کەرەجاڵـەدا شەهید و بریندار و شەل و سەقەت و کەمئەندام بوون ، یەکێك لـەو مەرگەساتانە شەهیدبوونی هاوڕێ عەلــی کلاشینکۆف و یاسین حاجی محەمەد کەریم و پێشمەرگەیەکی پارتی بوو ، بەداخەوە ناوەکەیم لـەبیر نەماوە.

ئەو پێشمەرگەیە لـەو کاتەدا میوانی بارەگاکەمان بوو ، ئەشکەوتەکەی تیایدا ئەژیاین ڕوخا بە سەریاندا ، سەید عەلــی برای (سەید تۆفیق)یشی تیادا بریندار بوو ، ئیتر لـەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی بەتالـیۆنی نۆی هەڵـەبجە و لـەگەڵ لـێپرسراوانی مەڵبەندی سلـێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، تەرمی ئەمانەشمان لـە ڕێگایەکی شاخاویی و سەخت و هەڵدێرەوە بە وڵاخ ناردەوە بۆ کەسوکاریان لـە شاری هەڵـەبجە.

لـە هاوینی ١٩٨٥ دا بارەگای کەرەجاڵیش بۆ دواجار ، بە یارمەتییەکی دڵسۆزانەی پارتی و بە ناو سنوری ئێراندا ، گوێزرایەوە بۆ شارباژێڕ ، بۆ دێهاتەکانی چەمەك و سپیارەی ڕاگوێزراو و وێرانکراو.

هەندێ بیرەوەریی تاڵن ، بەڵام لـەیادکردنیان تاڵترە.

١-١-٢٠٠٢